# خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، وبەندە بە لێخۆشبوون لە خەڵکی پەروەردگار شکۆدارتری دەکات، وئەوەی لەبەر الله سادە بێت،^ ئەوا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە

لە ئەبی هوڕەیرەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، وبەندە بە لێخۆشبوون لە خەڵکی پەروەردگار شکۆدارتری دەکات، وئەوەی لەبەر الله سادە بێت،^ ئەوا خوای گەورە بەرزی دەکاتەوە». ^(لەبەر الله سادە بێت، واتە: متواضع بێت وخۆی بە گەورە نەزانێت)
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە خێرکردن لە سامان کەم ناکاتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی ناخۆشیەکان، وخوای گەورە لەشوێنی ئەم خێرکردنە ؛ زۆر بە بەندە دەبەخشێت وشوێنی دەگرێتەوە بەزیاتریش، بۆیە خێرکردن دەبێتە هۆی زیادبوونی سامان وموڵک نەک کەمبوونی. ولێخۆشبوون لەگەڵ بوونی هێز وتوانای تۆڵەسەندنەوە ؛ پلەی بەندە بەرز دەکاتەوە لەلای پەروەردگاری بۆیە شکۆدارتر وبەهێزتر دەبێت. و هەربەندەیەک لەپێناو الله سادە بێت،^ وخۆی بە گەورەنەزانێت، نەک بەهۆی ترس وبەرژەوەندی بێت، پاداشتەکەی ئەوەیە خوای گەورە بەرزی وشەرەفمەندی پێدەبەخشێت. ^(لەبەر الله سادە بێت، واتە: متواضع بێت وخۆی بە گەورە نەزانێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5512

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee